# سەبارەت بە زنجیرەی (جومعە) ی حسێن میسری لە تەلەفزیۆنی کوردسات

جارێکی تر دوای ساڵێك بەسەر زنجیرە نواندنی ( ڕەشەی پۆلیس ) دا، زنجیرەیەکی تری ڕەمەزانی بەناوی (جومعە) لە تەلەفزیۆنی کوردساتەوە خرایە بەردیدەی بینەران. بەڵام بەداخەوە ئەمجارە دەرهێنەر بەئاسۆیەکی بەدبین و لێڵ تر و هەستێکی مردووترەوە لە( ڕەشەی پۆلیس) بینەرانی تینوی هونەری بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، دوای یەك مانگ سەرەنجام نە خۆشباوەڕی و ساویلکەیی جەعفەر و نە عیشقی کچی وەستا جەعفەری وەلام دایەوە بەڵکو هەردووکیانی هەواڵەی مەرگ کرد و بینەرانی بە دڵێکی شکاو ئاسۆیەکی تاریکەوە بەجێ هێشت .

من دەزانم تا ئەمڕۆش کۆمەڵگای کوردستان پڕی بێ ماف و زوڵم و کارەساتە بۆ لاوانی کچ و کوڕ . ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی ئینسان بەگشتی و لاوان بەتایبەتی لەقانون و هەردوو حکومەتی یەکێتی و پارتیدا بە ڕەسمی نەناسراوە و پارێزگاری لێ نەکراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سوننەت و قانونە کۆنەپەرستەکانی ئەحوال شەخسی ئیسلامی و عەشیرەتی و پیاوسالاری و باوکسالاری دەپارێزن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا خەڵکی متمدن و ئازادیخوازی کوردستان  بە تایبەتی لاوان زۆر پێشکەوتوو تر و هوشیارترن لەم دەرهێنەرەی هەموو ساڵێك مانگێك تەلەفزیۆنی کوردسات بەم دید و ئاسۆ کوێر و تاریکەوە  دەیکەن بەناو ماڵانی خەڵکدا .

ساڵی پار ئەم تیپە و ئەم دەرهێنەرە بە خاتری پاراستنی ڕەمز و هەیبەتی حکومەتەکەیان ، عیشقیان بۆ هیوای پۆلیس حەلاڵ کرد. تەپڵی سەرکەوتنی هیوای پۆلیسیان بەسەر حاجی ئەکرەمی دەوڵەمەند و کۆنەپەرست و پیاوساردا لێدا ! بێ ئاگاداری و پرسی باوکی چیایان بە هیوا گەیاند و بە بەرگی پۆلیسەوە ئاهەنگیان بۆساز کرد، دکتۆر وچرۆشیان بە ناکامی گەیاند. پێم وابوو ئەمساڵ دەرسێکیان لە هەڵەی پاری وەرگرتووە، نەك  لە گۆشە تاریکەکانی کۆمەڵگاوە ڕووداوە دڵ تەزێنەکان بدەن بەڕووی خەڵکدا. ئەگەر هونەر لە جیاتی ڕەخنە و پەیامی گۆڕینی کلۆمەڵگا  کاری ئەوەبێ  لەگۆشە دوواکەوتوو تاریکەکانی کۆمەڵگاوە  هەمان ئەو سیناریۆیانەمان نیشان بدات کە خەڵك دەمێکە لە دەستیان  بەدەنگ هاتوون و لێیان تورەو بێزارن ، ئیتر ئەوە هونەرێکی ئازادیخواز نی یە ، هونەرێك نی یە   بۆ خەڵك ، بەڵکو هونەری سەلماندنی سیناریۆ و ڕووداوەکانی گۆشە تاریکەکانی کۆمەڵگایە ، هونەری بێزارکردن  و نائومێدکردنی خەڵکە بە تایبەتی  لاوان .

من کارم بەوە نی یە   لە زەینی دەرهێنەردا کەسایەتی یەکانی ئەو زنجیرەیە ڕەمزی  دیاریکراون یان نا.  ئەوەی بینیمان  ئەوەبوو کەسێکی خۆشباوەڕ و هاوکات دوواکەوتوو  چاوەڕێی وەعدی دەمی باوکی کچێکە  کچەکەی بداتێ ، بێ ئەوەی هەست و ڕەزامەندی ئەو کچەی بۆ گرنگ بێت. لەولاشەوە عیشقێکی قاچاخی ئەو کچەیە   لەگەڵ  کەسێکی تردا ئەو کەسەش بەئەندازەی جەعفەری خۆشباوەڕ دەستەپاچە و خۆشباوەڕە   بە فەرهەنگی دوواکەوتوو . عاشقی ئەمجارەمان دکتۆرە گێژەکەی ڕەشەی پۆلیس نی یە. بەڵکو بە حسابی دەرهێنەر لاوێکی هوشیارە. بەڵام ئەم عاشقە هوشیارە  پێی وایە  ئەگەر لەگەڵ خۆشەویستەکەی  بڕوات سوکایەتی کردنە بە عیشقەکەی! جارێ با لەوە گەڕێین  ئەم کارە چەندە دروستە یان نا . با ئەو پرسیارە لە دەرهێنەر بکەین کچێك لە ماڵەوە بە دەستی باوکی لە ژوورێکدا زیندانی بکرێت و ئازار بدرێت و بەزۆر بیدات بەشوو سوکایەتی کردن  نی یە؟ ئەو کەسەی ئەو کچە لەو زیندانە دەریهێنێ و لەو ماڵە دەربازی بکات سوکایەتی کردنە  ؟  هەلاتنی کچ و کوڕێك کە یەکتریان خۆش دەوێ کارێکی دروست نی یە نەك لەبەرئەوەی ئەم کارە سوکایەتی یە، بەڵکو بە پێچەوانەوە   هەلاتنی ئەوان بەرەنجامی زوڵم و سوکایەتی یەکە کە بەوان دەکرێت.  نادروستی کارێکی لەم جۆرە لەوەدایە لەو وولاتەدا قانونێك دەسەلاتێك نی یە   بەرگری لە ئازادی و مافی ژیانی ئەوان بکات و بەم کارە ژیانیان دەکەوێتە مەترسی یەوە. دەنا هەلاتنی ئەوان بە ئەندازەی عیشقەکەیان هەنگاوێکی ڕەوا و پیرۆزە .

لەمەش بگەڕێین ، من سەرەڕای هاودەردی و پشتیوانیم لە هەر دوو عاشقێکی هەلاتوو ، لایەنگری ئەو کارە نیم  لە کۆمەڵگایەکدا کە قانون و دەسەلاتێکی مەدەنی تێدا نی یە   و ژیانیان دەخاتە مەترسی یەوە. بەڵام دەبوو دەرهێنەر بە عەقڵی تاریکی کۆمەڵگا سیناریۆکانی زنجیرەکەی  دانەنێت و لە شوێنێکدا توری هەڵدا. بەڵام ئەوەی کە ( کچ کچی خۆیەتی کەس ناتوانێ قسە بکات ، ئەم پیاوە هیچی لەگەڵدا ناکرێت ، هەرچەند بیردەکەمەوە چارەیەك نی یە ، خۆ ئێمە هیچی ئەو کچە نین تابتوانین کارێك بکەین .... )

ئەمانە ناوەرۆكی دید و بۆچوونی سیناریۆكان بوون كەدەستی كەمال و سەمیرە و دۆست و هاوڕێكانیانی بەست بوو ، لەولاشەوە دەستی وەستا جومعەشی ئاوەڵا كرد بوو، سەرەنجام ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنەی لێ كەوتەوە .

لەوانەیە ئەوان بڵێن ئاخر خەڵك بەو جۆرە بیردەكاتەوە و مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا دەكات. من ناڵێم ئەمڕۆ بیركردنەوە و مامەڵەی لەو جۆرە نی یە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی خەڵكی كوردستان زۆر لە پاڵەوانەكانی دەرهێنەر لە پێشترن ، ئازادانەتر و ئاشكراتر خۆشەویستی و عەشق دەكەن و خێزان پێكەوە دەنێن ، ئەو پاڵەوانانەی دەرهێنەر ناتوانێ دەربڕینێكی ڕاستگۆیانە بێت لە فەرهەنگ و هوشیاری گشتی كۆمەڵگا . پاشان ئەركی هونەر ئەوەیە فەرهەنگ و دیاردە سلبی یەكانی ناو كۆمەڵگا لە جێ یەكدا ڕابگرێت ، نموونەی تر و قسەیەكی تر بكات و بكەوێتە شەڕی سلبیاتی كۆمەڵگا .

بۆ سەمیرە خۆی ووتاند ؟ لەبەرئەوەی بەزۆر دایان بەشوو كەسێكی تری خۆش دەویست ؟ وەستا ئیسمایل بۆچی ڕازی بوو كچێك بەو وەزعەوە شووی پێ بكات ؟ لەبەرئەوەی ئارەزووی خۆی پێ دابمركێنێتەوە و دوایی بەرەڵای بكات ؟ بۆچی دۆست و هاوڕێكانی كەمال و سەمیرە كە لایەنگری عیشق و خۆشەویستی بوون ئەو كچەیان بۆ ئازاد نەكرا ؟ لەبەرئەوەی هیچی ئەو كچە نەبوون ؟ كەمال بۆچی نائومێد بوو كارێكی لە دەست نەهات ؟ لەبەرئەوەی هیچ لەگەڵ وەستا جومعەدا ناكرێت ؟ ئەم پرسیارانە و وەڵامەكانی ئاشكران ئەگەر ئەو زنجیرەیەش نەكرایە خەڵك وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانن . بەڵام گرنگ ئەوەیە چی بكەن ؟ سەمیرە ، كەمال ، دۆست و هاوڕێكانیان چیان بكردایە هەتا بەریان بەو زوڵم و كارەساتە بگرتایە ؟ بە ڕاست بیركردنەوەی ئەم هونەرمەندانە ئەوەیە كە هیچیان پێ ناكرێت لەبەرئەوەی نموونەی ڕووداوی وا لە كۆمەڵگادا زۆرە ؟ هونەرەكەی ئەوانیش بووە بەوەی ئەو نموونانەمان لەسەر تەلەفزیۆن نیشان بدەن ؟ ئەمە هونەرە یان ئیزعاج كردنەوەی خەڵكە بەو نموونە و ڕووداوانە ؟

پێش هەموو شت دەبوو ئەو هونەرمەندانە بە خۆیاندا بچنەوە ، بیرێك لەوە بكەنەوە كە هونەرێك لە خۆیان نیشان بدەن بەرامبەر بە زوڵمێك كە لە ئارادایە . بە بیرێكی ڕەخنەگرانەی ئینسانی یەوە ئاراستەی ڕووداوەكانیان بگۆڕایە و نیشانی خەڵكیان بدایە. زیندانی كردنی كچ لەماڵەوە گەورەترین تاوانە و نابێ هیچ كەس ملی پێ بدات ، نابێ هیچ دەسەڵات و قانونێك قبوڵی بكات . هەموو بەرپرسین لە بەرامبەری دا . هەڵاتن لە زیندان كارێكی ناڕەوا و سوكایەتی كردن نی یە ، دەبێ هەموومان كۆمەكی ئەو زیندانە هەڵاتووانە بكەین كە لە دەست زوڵمی پیاوسالاری هەڵاتوون . دەبوایە سەمیرە ملی بەو زیندانە و شووە زۆرە ملێ یە نەدایە ، دۆست و هاوڕێكانی خۆی یان كەمال دەرگای هاوكاری و پشتیوانیان بۆ ئاوەڵا بكردایە. ئەوانەی بە حساب باوەڕیان بە كاری ئینسانی و خۆشەویستی هەبوو لە پەنا كەمالدا بوون دەستە و ئەژنۆ بەستراو نەبوونایە ، ئەو دۆستانەی سەمیرە كە ئەو شووەی سەمیرەیان بە ناڕەوا دەزانی وڕ و مات نەبوونایە. ئەمانە و چەندین ( نا ) ی تر دەیتوانی ئاراستەی ڕووداوەكان بگۆڕێ ، چ لەسەر شانۆ چ لە كۆمەڵگادا ، ناوەرۆك و خۆشی هونەری نواندن ئەوەیە ئەم ( نا ) یانە فێری خەڵك بكات .هونەرێك باس لە زوڵم و كارەسات بكات دەبێ هونەری ( نا ) بێت بە ڕووی ئەو زوڵم و كارەساتانەدا .

بەڵام من ناهەقی ئەو دەرهێنەرەش ناگرم ، عەیب نی یە بترسێت یان ئەویش وا بیربكاتەوە . ئاخر ئەو بەو مانگی ڕەمەزانە و لە تەلەفزیۆنی كوردساتەوە زنجیرەی ( جومعە ) ی بڵاوكردوەتەوە . خۆ دەبێ هەر لەبەر خاتری موبارەكی ڕەمەزان عیشقی سەمیرە بكاتە خەڵوز، هەروەها لەبەر خاتری كوردساتیش كە تا ئێستا سەرگەرمی كەلتور و هۆرە و حەیرانەو ( نا ) بە فلتەری عەقڵیدا ناچێ هەروا بكات باشترە، دەنا لەوانەیە دواتر دوو مەلا و دوو سەرۆك عەشرەت بچنە لا ی مامە و گازندە بكەن لە تەلەفزیۆنەكەش دەریان بكەن و نان بڕاویان بكەن و ئەم دەرهێنەرە عاشقەش بە دەردی ئەو دوو لاوە عاشقە پەنابەرەی مەڵبەندی سەرگەڵو ساڵی **1982** بەرن كە بە ئەمری مامە خەڵتانی خوێن كران، خۆ ئەمڕۆش بە ناشوكری نەبێ شاعیرەكەی شاخیش وەكو ئەوكاتە نەماوە لانی كەم پارچە شعرێكی وەكو ئەوەی دانكونكەرەی بۆ بنووسێت .

**سامان ئەحمەد**

**2004 / 11 / 14**